Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# لایەنێکی ئەزموونی شیعریی ئاوات (کامیلی ئیمامی)

**جبار احمد حسين**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل :** jabbar.hussein@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەزموونی شیعری ناوەرۆک و رووخساری شیعر دەگرێتەوە ، واتە ئەزموون وەک کەرەستە و بابەتی شیعر جیاوازە لە ئەزموونی تەکنیکی شیعری . بەم شێوەیە ئەزموونی شیعری هەموو رەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقێکی شیعری دەگرێتەوە . کەواتە دەستنیشانکردنی رەگەز و بنەما پێکهێنەرەکانی شیعرەکانی شاعیرێک ، دەستنیشانکردنی روانگە و هەڵچوون و خەیاڵ و شێوازی دەربڕینی ئەوە ، بەمەش ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە دەخرێتە روو.

دەقی ئەدەبی بریتییە لە بیر و سۆزێکی تایبەتیی نووسەر ، کە لە جیهانی خەیاڵدا بەرجەستەیان دەکات ، بە زمانێکی تایبەتی و بە شێوازێکی هونەری ، ئەم حاڵەتە تاکەکەسییە تایبەتییە دەگەیەنێتە وەرگر ؛ کەواتە هەر دەقێکی ئەدەبی لە چوار رەگەزی سەرەکی پێکدێت : (بیر و سۆز و خەیاڵ) ، پێکهاتەی ناوەوەی دەقەکەن ، هەر سێ رەگەزەکە لە رەگەزی چوارەمدا (شێواز) بەدەردەکەون ، کە ئەمیش پێکهاتەی دەرەوەی دەقەکەیە . ناوەوە و دەرەوەی دەق (یان هەر چوار رەگەزەکە) ئاوێتەی یەکتری دەبن و تەنیا بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەیەکتری جیادەکرێنەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر پێکهاتەی ناوەوەی شیعرەکانی ئاوات .

**کلیلە وشەکان:** ئاوات ، کامیلی ئیمامی ، ئەزموونی شیعری، بیر ، سۆز ، خەیاڵ .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەكی:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (لایەنێکی ئەزموونی شیعریی ئاوات-کامیلی ئیمامی) : شیعر وەک هەر جۆرێکی تری دەقی ئەدەبی ، لە دوو دیو پێکهاتووە : (ڕوخسار و ناوەڕۆک) ، کە هەردووکیان لەناو دەقێکدا ئاوێتەی یەکتری دەبن . (بیر و سۆز و خەیاڵ) ناوەوەی دەقەکە پێکدەهێنن ، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەستنیشانکردنی بنیاتی ناوەوەی شیعری (ئاوات) ە ، کە لە هەمان کاتدا دەستنیشانکردنی لایەنێکی ئەزموونی شیعریی شاعیرە .

**هۆی هەڵبژاردنی :** هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ، گرنگیدانە بە شیعری (ئاوات) و پیشاندانی لایەنێکی ئەزموونی شیعرییەتی ، کە وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :** لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی دوو میتۆدێک کراوە ؛ لە باسکردنی چەمکی ئەزموونی شیعری و ڕەگەز و دیاردە شیعرییەکاندا پەیڕەوی میتۆدی وەسفی کراوە ، لە شیکردنەوەی نموونە شیعرییەکانیشدا میتۆدی شیکاری گیراوەتە بەر .

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە :** لێکۆڵینەوەکە لە دەروازەیەک و چوار تەوەر پێکدێت،لە دەروازەکەدا لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە چەمکی ئەزموونی شیعری کراوە،تەوەرەکانیش بەم شێوەیە دابەشکراون:

تەوەری یەکەم (بیر) : تیایدا باس لە ڕوانگە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی شاعیر بۆ ژیان و بوون و دیاردەکانی سروشت کراوە . تەوەری دووەم (سۆز) : لێرەدا بابەتی سۆزداری و جوانیناسی شاعیر خراوەتە ڕوو . لە تەوەری سێیەمیشدا کێشەی نێوان سۆز و عەقڵ لە شیعری (ئاوات) دا باسکراوە.

تەوەری چوارەم : (خەیاڵ) : ئاوات وەک شاعیرێکی بە ئەزموون ، وێنەی شیعریی داهێنەرانەی زۆرە ، لەم تەوەرەدا هەڵبژاردەیەک لەو وێنە شیعرییانە دەستنیشانکراون .

ئەو ئەنجامانەیش لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستهاتوون، لە چەند خاڵێکدا کورتمان کردوونەتەوە.

### -دەروازە : چەمکی ئەزموونی شیعری : (ئەزموون = التجربة = experience )

یەکێک لەو پێناسانەی بۆ شیعر کراوە ئەوەیە ، کە (گوزارشتە لە داڕشتنەوەیەکی هونەری بۆ ئەزموونێکی مرۆڤایەتی) (عفیفي،١٩٧٨ : ٥٩) ، واتە ڕووخسار و ناوەڕۆک تەواوکەری یەکترین و پێکەوە دەقی شیعری پێکدەهێنن . ئەم پێکهاتە تایبەتییەی شیعر وایکردووە ، کە چەمکی ئەزموونی شیعری بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێت : یەکەمیان ئەزموونی ژیانە کە دەبێتە کەرەستە و بابەتی شیعر ، دووەمیان ئەزموونی تەکنیکی شیعرییە . شاعیری سەرکەوتوویش ئەوەیە لە هەردوو ڕووەکەوە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەبێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە بارەی سەرچاوەکانی ئەزموونی ژیانەوە بۆچوونی جیاواز هەیە ، کە دەبەستریتەوە بە بابەتی راستگۆیی ئەزموون ؛ مەبەست لە سەرچاوەکان ئەوەیە ، ئایا شاعیر راستەوخۆ لەناو ئەو ئەزموونەدا ژیاوە ، یان ئەزموونی کەسانی ترە و ئەم تێبینی کردووە و لەناو دەقەکەیدا گوزارشتی لێکردووە ؟

هەندێک نووسەر و رەخنەگر تەنیا بەشداریکردنی راستەوخۆ بە ئەزموونی شیعری دادەنێن، لەوانە (راینەر ماریا ریلکە) شاعیری نەمسایی لەبارەی نووسینی شیعرەوە دەڵێت : (تاوەکو یەک تاکە دێڕە شیعر بنووسیت ، پێویستە سەفەرت کردبێت و چەندین شار و کەسایەتی و شتت دیبێت. ) (السني ، ٢٠٠٩) . هەروەها چیرۆکنووسی رووسی(چیخۆف) دەڵێت : (ئەگەر ویستت بنووسیت ، پێویستە بچیتە ناو شەقامەوە .) (السني ، ٢٠٠٩) . لە فەرهەنگێکی زاراوەی ئەدەبیشدا بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی ئەزموون کراوە:((ئەو زانین و بەهرە و شارەزاییەیە ، کە مرۆڤ لە ڕێگای بەشداری کردنی یان سەرنجی راستەوخۆی لە ڕووداوەکانی ژیان وەریاندەگرێت .)) (وهبة ،و المهندس، ١٩٨٤ : ٨٨) . مەرج نییە شاعیر راستەوخۆ لە ژیانەوە ئەزموون وەربگرێت، لەوانەیە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە کەسانی ترەوە ، یان لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێب و سەرچاوە مەعریفییەکانەوە ئەزموون وەربگرێت ، (پێویست ناکات شاعیر لەناو ئەزمونێکدا ژیابێت ، تاوەکو بتوانێت وەسفی بکات ، ئەوەندە بەسە کە تێبینی کردبێت) (هلال ، ١٩٩٧ : ٣٦٤) ، واتە مەرج نییە شاعیر یان نووسەر هەر ئەزموونێکی ناو بەرهەمەکانی بە واقیعی تیایدا ژیابێت ، بەڵکو دەشێت هی کەسانی تر بێت و خۆی لەجێی ئەوان دانابێت ، یان بەرهەمی بیر و خەیاڵی خۆی بێت ؛ هەر بۆ نموونە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکیی کورد دیوانەکانیان پڕە لە بابەتی عەشق و دڵداری ، هەندێکجار ناوێکی خوازراویشیان بۆ مەعشووقەکەیان داناوە ، کە لە بنەڕەتەوە مەعشووقەکەیش بوونی نەبووە و بەرهەمی خەیاڵی خۆیان بووە.

کەواتە سەرچاوەی ئەزموون دوو جۆرە ، یان ئەزموونی تایبەتی شاعیر خۆیەتی (یان لەوانەیە بەرهەمی بیر و خەیاڵی خۆی بێت) ، یان ئەزموونی کەسانی ترە و بووەتە هۆی هەڵچوونی شاعیر و گوزارشت لە ناخ و سۆزی کەسانی تر دەکات . لە هەردوو جۆرەکەدا شاعیر کردوویەتیە بابەتێک ، کە جێگای گرنگی پێدانی خەڵکی بێت ، هەر کەسێک ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە ، دەشێت خودی خۆی تێدا ببینێت ،واتە ئەزموون لە تاکەکەسییەوە دەبێتە ئەزموونێکی مرۆڤایەتی بە گشتی . ئەو ئەزموونانەیش کە ئەزموونی راستەقینەی خودی شاعیر خۆیشی بێت ، نابێت سێبەری شاعیری تیادا دەربکەوێت ، واتە ئەزموون چ خودی بێت و چ بابەتی بێت ، دەبێت وەک یەک دەربکەون و پێویستیش بەوە ناکات ئەزموونی شیعری بۆ خودی و بابەتی پۆلین بکرێت . شاعیر و رەخنەگری ئینگلیزی (ئیلیۆت) پێیوایە، کە نابێت نووسەر راستەوخۆ خودی خۆی لەناو بەرهەمەکەیدا بەرجەستە بکات ، چونکە لەم حاڵەتەدا کارەکە دەبێتە کارێکی خودی نەوەک بابەتی ، کە لە راستیدا بەرهەمی ئەدەبی دەبێت سیفەتی بابەتی وەربگرێت، ( پێویستە کەسایەتییەکی تر ، کە ئیلیۆت ناوی لێدەنێت (هاوتای بابەتی) بەپێی پێویستی هەڵوێستەکان هەڵسوکەوت بکات، تاوەکو نەبێتە سێبەری نووسەر. بەم شێوەیە کارەکەی دەبێتە بابەتی و گشتگیر . واتە راستگۆیی بەلای ئیلیۆت ئەوەیە نووسەر خودی خۆی لە بەرهەمەکەیدا داماڵێت .) (مندور،٢٠٠٦ : ٨٥) . مەبەستیش لە راستگۆیی ئەزموون ئەوەیە (شاعیر بە راستی (هیچ نەبێت لە جیهانی خەیاڵدا)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

به هەڵوێستێكدا تێپەڕیبێت ، كە دەروون و ویژدان و سۆزی وروژاندبێت ، ئەمەش وا دەكات بەرهەمە هونەرییەكەی زایەڵەی دەروون و وێنەی هزری بێت .) (المجالي ،١٤٢٤ : ٩٢٦) لێرەدا راستگۆیی ویژدان و راستگۆیی هونەری كراونەتە بنەمای ئەزموونی شیعری ، واتە بە یەكترەوە بەستراونەتەوە و پێكەوە ئەزموونی شیعری دروست دەكەن. كەواتە راستگۆیی شاعیر ئەوە نییە ، ئەو بیر و سۆزەی لەناو بەرهەمەكەیدا بەرجەستەی كردووە ، بە راستی بەسەر خۆیدا هاتبێت ، بەڵكو گرنگ ئەوەیە لەگەڵ بیر و سۆزی خۆیدا راستگۆ بێت لەو كاتەی گوزارشتی لێدەكات ، واتە (چەمكی راستگۆیی لە ئەزموونی شیعریدا ، ئەوەیە هاوتای ویژدانی شاعیر بێت ) (المجالي ، ١٤٢٤: ٩٣٨)، لەپاڵ ئەوەشدا لە دەربڕینە هونەرییەكەیدا راستگۆ بێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، نابێت بە شیعر بوترێت درۆ و بە شاعیریش بوترێت درۆزن ، چونكە ئەوەی لە شیعردا هەیە راستگۆیی هونەرییە ، پێوەریش هەست و سۆز و ویژدانی راستگۆی ئەو شاعیرە و راستگۆییەتی لە دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەدا.

بێگومان ئەو جۆرە ئەزموونەی، كە شاعیر بە راستی تیایدا ژیابێت، وەك ئێش و ئازاری لەدەستدانی خۆشەویستێك ، چ بیر و هەست و سۆزەكەی و چ لە دەربڕینە هونەرییەكەیشیدا راستگۆتر دەبێت ، ئەمە بۆچوونی (ئەرستۆ) یشە، كە دەڵێت : (بەتواناترین كەسێك كە گوزارشت لە ئازارێك دەكات ، ئەوەیە كە ئازارەكە لەناو خۆیدایە ، بە تواناترین كەسێكیش گوزارشت لە تووڕەبوون دەكات ، ئەوەیە كە بتوانێت دڵی پڕ بكات لە تووڕەیی .) (ارسطوطاليس ، ١٩٥٣: ٤٨–٤٩) . بەڵام چەمكی راستگۆیی لەلای ئەرستۆ ئەوە نییە ، كە ئەو ئەزموونە وەكو خۆی لەناو دەقەكەدا تۆماربكرێت، ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوا دەبێتە دەقێكی مێژوویی ، ئەمەش ئەو جیاوازییەیە لەنێوان شاعیرو مێژوونووسدا كردوویەتی.

## گرنگی و بەهای ئەزموون :

ئەو ئەزموونەی دەبێتە بابەتێكی شیعری ، گرنگی و بەهای خۆی لەناو دەقدا وەردەگرێت، نەوەك لە دەرەوەی دەق ، هەروەك (لاسل ئابركرومبی) ی رەخنەگر، دەڵێت : (هەموو ئەو شتانەی هەستیان پێدەكرێت، هەموو ئەوانەیش كە بەر سۆز دەكەون و هەر شتێكی تر كە نووسەر بورووژێنێت، هەموویان دەبنە كەرەستەی هونەر و ئەدەب ) (عفيفي ، ١٩٧٨ :٥٩). واتە بابەتێك یان ڕووداوێك یان هەڵوێستێك لە خودی خۆیدا بەهایەكی زیاتری لە بابەت و ڕووداو و هەڵوێستەكانی تر نییە، بەڵكو هەموویان دەشێت ببنە كەرەستە و ئەزموونێكی ئەدەبی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## توخمەكانی ئەزموونی شیعری :

ئەزموونی شیعری پرۆسەی ئەندێشە و هەڵچوون و ئەزموونی دەروونییە لە نووسینی شیعردا ؛ کە بەم شێوەیە دروست دەبێت : هەڵچوون و کاریگەریی دەرەکی ، پاشان ئەم سەرچاوەیە تێکەڵی ئەزموونی ژیان و بیر و سۆز و خەیاڵ دەبێت ، (توخمەکانی ئەزموونێکی شیعری تەواو ، هەریەکەیان بەڕێژەیەکی ورد تێکەڵەیەکی ورد لە خەیاڵ و سۆز و بیر پێکدەهێنن) (اللبدی ،٢٠٠٣ : ١٨) ، ئەگەر ئەزموونی شیعری دەربڕینی خودی شاعیر بێت بەرامبەر هەر بابەتێک کە بیوروژێنێت، ئەوا رەگەزەکانی (توخمەکانی) ئەزموونی شیعری هەموو ئەو رەگەزانە دەگرێتەوە، کە دەقێکی شیعری پێک دەهێنن و لە دەقێکی تری جیادەکەنەوە،یان بەگشتی شێوازی نووسەرێک جیادەکەنەوە. کەواتە دەستنیشانکردنی رەگەز و بنەما پێکهێنەرەکانی شیعرەکانی شاعیرێک ، دەستنیشانکردنی روانگە و هەڵچوون و خەیاڵ و شێوازی دەربڕینی ئەوە ، بەمەش ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە دەستنیشان دەکرێت.

ئەزموونی شیعری پێکەوەژیانە لەگەڵ هەستێکی تایبەتیدا ، کە شاعیر لەناو کارێکی هونەرییدا بەرجەستەی دەکات، واتە ئەگەر نەیتوانی لە رووی هونەرییەوە سەرکەوتوو بێت ، ئەوا ئەزموونەکەی سەرکەوتوو نابێت، (هەموو شیعرێکی شاعیرێک بە ئەزموونێکی شیعریی تەواو دانانرێت ، مەرجە سوودی لە کەرەستەی زۆر وەرگرتبێت) (شبرو،٢٠٠٧ : ١٥)، ئەگەر لەم روانگەیەوە تەماشای دیوانی شاعیرێک بکەین، مەرج نییە هەموو شیعرەکانی ناو دیوانەکەی تایبەتییەتی خۆیان هەبێت،لەوانەیە تەنیا چەند شیعرێکی وەک کاری هونەری و ئەزموونی تایبەتی ئەو شاعیرە لەسەریان هەڵوەستە بکەین، واتە باسکردنی ئەزموونی شیعریی شاعیرێک مانای ئەوە نییە، کە لە هەموو شیعرەکانی ئەو شاعیرە و لە هەموو رووەکانیەوە لێیبکۆڵرێتەوە.

## تەوەری یەکەم : واتا (بیر)

روانگە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی نووسەرە بۆ ژیان و بوون و دیاردەکانی سروشت ، کەواتە بیر یان واتای ناو دەقێکی ئەدەبی ، روانگە و بیر و قووڵبوونەوەی داهێنەرەکەی پیشان دەدات . لەبەر رۆشنایی ئەم پێناسەیەدا هەوڵدەدەین دیارترین روانینە شیعرییەکانی ناو دیوانی شیعری ئاوات دەستنیشان بکەین ، کە روانگە و بیری ئەو پیشان دەدەن :

١- فەلسەفەی ژیان : مەبەستمان لە واتا زاراوەییەکەی فەلسەفە نییە ، بەڵکو مەبەستمان لە روانگەی تایبەتیی شاعیرە بۆ ژیان و بوون و کێشەکان . بۆ نموونە لە شیعری (پایز) دا ، لە دیاردەیەکی سروشتی ورد دەبێتەوە و پەندێکی ژیانی لێوەردەگرێت ، ئەمەش لە چوارچێوەی بیروباوەڕی ئاینیی خۆیەوە ، کە سروشت و دیاردەکانی سروشت دروستکراوی خودان و لە هەر یەکەیاندا پەندێک بە مرۆڤ دەدات ، بەڵام تەنیا مرۆڤی عاقڵ دەتوانێت پەندیان لێوەربگرێت :

هێندێ کە شاعیرن بە بەهارن عەلاقەمەند

من عاشقی خەزانم و مەفتوونی تێ خزان (ئاوات ، ٢٠١٣ : ١٥٠)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئاوات جیاواز لە هەندێ شاعیری تر ، وەرزی پایز سەرنجی رادەکێشێت و ئەم پەندەی تێدا دەخوێنێتەوە ، کە خودا بۆ مرۆڤی عاقڵی دروستکردووە : لە پایزدا دارودرەخت رووت دەبنەوە و گەڵاکانیان دەوەرێت ، پایز رەمزی پیرییە و گەڵاکانیش تەمەنی لاوێتی مرۆڤن ، گەڵا هەتا بە دارەوە بێت چەسپاوە و با نایبات ، بەڵام کاتێک هەڵدەوەرێت با پەرشوبڵاوی دەکات ، تەمەنیش بەهەمان شێوەیە ، دەبێت بەهای لاوێتی بزانین پێش ئەوەی پیر ببین.

٢- بیری تەسەوف : (ابن العربي) بەم شێوەیە پێناسەی تەسەوف دەکات : (پابەندبوونە بە رواڵەت و ناوەوەی یاساکانی شەریعەت ) (ابن العربی ، ١٩٩٥ : ٢٨ ) . لە بیری تەسەوفیدا ژیانی مادیی ئەم دنیایە، سەرچاوەی گوناهەکانی مرۆڤە ، دەروونیش خاڵی لاوازی مرۆڤە ، کە بەهۆیەوە دەکەوێتە ناو هەڵەوە . ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی بە فراوانی لە ناو دیوانی (ئاوات) دا دەبینرێت ، بۆنموونە لە شیعری (دونیایی گڵاو) دا ، هەر لە ناونیشانەکەیدا دیارە ، ئەم روانینەی بۆ ژیان خستۆتەروو ، کە بەهۆی (نەفس) ەوە تووشی گوناه بووە و لەبەرامبەر خوای خۆیدا شەرمەزارە: (رووڕەشی دەرگای خوداوەندم لەبەر نەفسی خەبیس) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢١)، ئەو دەروونەی لەناو قورئاندا بە (أمارة بالسوء) وەسفکراوە ، واتە (دەروون فەرماندەرە بە خراپە) ، ئاوات هەم بە واتاکەی خۆی و هەم بۆ دروستکردنی رەگەزدۆزی دەروونی بە (مار) چوواندووە ، کە لەژێر دەستەڵاتیدا نییە و پێی ناگیرێت : (نەفسەکەی ئەممارەکەم وەک مارە چۆن بۆم دەسرەوێ) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢١). دوورکەوتنەوە لە خۆشی ژیانی مادی و کپکردنی ئارەزوو و شەهوەتەکان ، مرۆڤ لە هەڵە و گوناه دوور دەخاتەوە و لە خودای نزیک دەکاتەوە ؛ لە روانگەی عیرفانییەوە : (من (نەفس) بەشێکە لە دەروونمان، کە داوامان لێدەکات کاری خراپە بکەین . بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری راستەقینە ، پێویستە بە درێژایی ژیان چالاکانە رووبەڕووی (من) ببینەوە . لوتکەی بەختەوەری لە تەسەوفدا لەناوبردنی خودی تاکەکەسییە ، تاوەکو لەگەڵ بوونی (خودا)دا یەکبگرێتەوە .) (ویکیپیدیا ، ٢٠٢٠ ) . (ئاوات) یش لە پەشیمانی ژیانی پێشووی ئەم بڕیارە دەدات:

من قەرارم وایە ئەوجار تەرکی خۆشی کەم بە دڵ

خواردنم نانێکی رەق بێ ، بەرگ و پۆشاکم تەلیس (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢١)

هەتا تەمەنیش درێژتر بێت ، زیاتر تووشی گوناه دەبێت ، لەبەرئەوە لە ژیان بێزارە و هیوای مردن دەخوازێت :

عومری بەدبەختیش ئەوەند تولانییە نابڕێتەوە

هێند درێژ و نالەبار و خوار و خێچە وەک گوریس

دەک بەڵای لێدا ژییانی وا بە نەنگ و عارەوە

نەسرەوێ عومری ئەوەند تاڵ و ژییانی وا خەسیس (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٢)

باسکردنی ژیانی بێهوودە و بێ مانا و بێ سوود و هیواخواستن بە مردن ، هەمان ئەو روانینەیە لە فەلسەفەی (بێهوودەیی) ی رۆژئاوادا هەیە ، بەڵام ئەو مردنەی دەبێتە سەرەتایەک بۆ ژیانێکی ئەبەدی ، ئەمەیان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕوانینێکی ئاینی و تەسەوفییە (هەموو چێژێکی ئارەزووەکانی دنیا بە (نەفس) ەوە بەستراوەتەوە و بە مردن بەتاڵ دەبێتەوە . بەڵام چێژی زانینی خودایی بە (دڵ) ەوە بەستراوەتەوە و بە مردن بەتاڵ نابێتەوە ، چونکە دڵ بە مردن لەناوناچێت ، بەڵکو چێژی زیاتر دەبێت و ڕووناکی گەورەتر دەبێت ، لەبەرئەوەی لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی دەردەچێت .) (الغزالي : ١٠)، ئاوات بەم جۆرە گوزارشتی لەم باوەڕە تەسەوفییە کردووە:

ڕۆژ و شەوی عومری من ، پاکی بە عەبەس ڕۆیی

ڕۆژ خواردنە فکری من ، شەو هەر بە خەیاڵی خەو

هەستە بڕۆ بەر دەرکی خاسانی خودا (کامیل)

بمرە کە لە پاش فەوتت هەر عیشقە دەدا پرتەو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٢)

٣- گلەیی کردن لە خودا : لە شیعرێکدا بەراودی نێوان ژیانی خۆشی پێشووی و ژیانی سەختی ئێستای دەکات وگلەیی لە خوا دەکات:

ئەی خودا جاران بە لوتفت هیچ خەم و دەردم نەبوو

ئێستە بێ لوتفی کە تووشی سەد خەم و دەردم دەکەی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١٥)

ئەم جۆرە گلەییانە مانای بێ بڕوایی ناگەیەنن ، بەڵکو لەو بڕوایەوە سەرهەڵدەدەن ، کە خوا چۆن مرۆڤی خولقاندووە ، ئاوایش شێوەی ژیان و چارەنووسی دەستنیشان دەکات : (ئەی خالیقی من ، ڕازیقی من ، دافیعی دەردم) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١٥) ، (ئاوات ) یش وەک مرۆڤێکی بڕوادار ڕازییە بەو بەشەی خوا بۆی دیاری دەکات ، چونکە ئەمە نهێنی کاری خوایە و مرۆڤ لێیی تێناگات:

مەیلت کە لەسەر دەربەدەری و قوڕبەسەریمە

یارەببی چ کارێکی بەم ئەسرارەیە (کامیل)

هەرچی کە ئەتۆ مەیلتە پێم خۆشە خودایە

بێ دەنگ و سەدا و قاڕەیە ، بێ بارەیە (کامیل) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١٥)

٤- نیشتمانی و سیاسی: دەربڕینی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بەو شێوەیەی لە شیعری نوێدا سەریهەڵدا ، پەیوەندی بە پەرەسەندنی هزری سیاسییەوە هەیە . ئەگەرچی زۆربەی مەبەستە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی لە شیعری (ئاوات) دا دەبینرێن ، بەڵام لە ڕووی شیعری نیشتمانییەوە وەک شاعیرێکی نوێ دەردەکەوێت .

لە دیوانەکەیدا چەند شیعرێکی تێدایە ، کە بۆ ڕووداو و بۆنەی سیاسی دیاریکراو نووسراون ، وەک : (شەهیدانی بانە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٤٩) ، هەڵاتنی شا (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٥٠) )

لە هەندێک شیعردا داوا لە گەلەکەی دەکات، هەموو پێکەوە لە پێناوی ئازادی و ڕزگاربوون لەدەستی داگیرکەر خەبات بکەن. لە هەندێک شیعریشدا بە کاریگەریی کارەسات و ڕووداوە مێژووییەکان ، گوزارشت لە نائومێدی و ڕەشبینی دەکات ، بۆ نموونە (هێلانەی ڕووخاو) هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیارە دەربڕینی کارەسات و ناکامی و نەگەیشتنە بە ئامانجی بوونی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ . لە کەشێکی ڕۆمانسیدا خۆی دەکاتە ئاوەڵی ئەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

مەلەی بە گێژەڵۆکەیەک هێلانەکەی رووخاوە و هێلکەکانی کەوتوونەتە خوارەوە و شکاون . کوردیش بە گێژەڵۆکەی دەستی دوژمن ، نیشتمانی وێرانکراوە و بێ هیوا کراوە:

ئەو بۆ هێلانەی رووخاو و چۆڵی

هۆنەر بۆ هۆز و گەلی کلۆڵی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٣٢)

٥- ئاراستەی سروشتخوازی و زیندەوەرخوازی : رێز و خۆشەویستی بۆ گیانلەبەران ، لەو روانگەیەوە کە ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە ، ئەم جۆرە بۆچوونانە لەلای شاعیرانی کلاسیکی بوونی نییە یان دەگمەنە . لە شیعری (خاسەکەو) دا ئەم روانگەیەی تێدایە ، ئەم شیعرە لە لایەن لێکۆڵەرانی ترەوە خوێندنەوەی تری بۆ کراوە ، (خاسەکەو) وەک رەمزی میللەتی کورد لێکدراوەتەوە و (راوچی ) ش رەمزی دوژمنە . (خەزنەدار،٢٠٠٦ : ٥٦٦-٥٦٨) و (ئاوات،سوڵتانی ،٢٠١٣ ) . ئەگەرچی ئەم شیکردنەوەیە بۆ ئەم شیعرە لەجێی خۆیەتی ، بەڵام خوێندنەوە و شیکردنەوەی زیاتر و جیاواز بۆ هەر دەقێک ، ئەو دەقە جوانتر و بەهێزتر دەکات . لە شیکردنەوەی ئەم دەقە شیعرییەدا نابێت لایەنی سروشتخوازی و رێزی گیانلەبەر فەرامۆش بکرێت ، کە بابەتێکی شیعریی نوێیە و بەهای خۆی لە ئەزموونی شیعریی (ئاوات) دا هەیە.

لە گرنگترین مەبەستەکانی بەکارهێنانی رەمز لە ئەدەبدا ، ترسە لە سانسۆری دەستەڵاتی زۆردار ، یان بۆ جوانکردن و ئەفسووناوی کردنی دەقە ، کە لە لێکدانەوە و دۆزینەوەی واتا شاراوەکانیدا خوێنەر چێژ وەردەگرێت . ئەگەر (کەو) وەک رەمز بەکارهاتبێت بۆ (کورد) ، بە ئاشکرا لەناو شیعرەکەدا ناوی (کورد) و (سەربەستی) و (قەسری قەجەر = زیندانێکە لە تاران) ی بەکارنەدەهێنا، تەنانەت هەر دوو وشەی (کەو و کورد) ی لە یەک دێڕدا بەکارهێناوە:

بۆچی ئەویش بۆتە برا کوردەکان

نابێ هەڵێنێ نەفەسێکی ژیان ؟ (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٢١)

کاتێک واتای فەرهەنگیی و واتای رەمزیی وشەیەک لە یەک رستەدا بەکار بهێنرێن ، رەمزەکە بەتاڵ دەبێتەوە و هیچ بەهایەکی نامێنێت و مەبەستەکانی رەمز ناپێکێت . تەکنیکێکی شیعری هەیە ، ئەویش بەستنەوەی دوو بابەتە بە یەکترییەوە ، کە یەکێکیان دەبێتە پاڵپشتی ئەویتر ، بۆ نموونە بابەتە شیعرییەکە وەسفی سروشتە ، بەڵام شاعیر باسەکە لە سرووشتەوە بۆ سروشتی نیشتمان و هوشیاریی نەتەوەیی دەگۆڕێت . ئاوات لەم شیعرەدا هەردوو بابەتەکەی خستۆتەروو ، هەریەکەیان بووەتە پاڵپشت بۆ ئەوی تریان ، لە لایەکەوە دەیەوێت وانەیەک بداتە راوچی و ئەوانەی مافی ژیان نادەنە گیانلەبەرانی تر، کە وەکو ئێمەی کورد چۆن بە دەستی دوژمنەوە ژیانمان تاڵ بووە ، ئەو کەوانەیش بە دەست راوچییەوە گیرۆدەبوون . لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت ژیانی کورد بە ژیانی کەو بچوێنێت ؛ کە لە خستنەرووی هەردوو مەبەستەکەدا سەرکەوتوو بووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**تەوەری دووەم : سۆز**

مەبەست لە سۆز ؛ هەڵچوون و کاردانەوەی دەروونیی مرۆڤە بەرامبەر بە شت و دیاردە و جووڵە و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری ، بەڵام ڕەنگدانەوەی وێنەی واقیع لە دەروونی هەموو کەسێک وەک یەک نییە ، تەنانەت لە دەروونی کەسێکی دیاریکراویش بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت ، کەواتە سۆز هەستکردن و ئیدراکی مرۆڤە بۆ واقیع ، (ئاوات) یش لەم دێڕەدا هەمان بۆچوون دەخاتەروو :

ئەگەرچی گیاوگژی ئەم سەرزەمینە سەوز و تێراوە

بەڵام بۆ من لە دووری ئێوە وشک و پڕ چڵ و چێوە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٩)

دەقی ئەدەبی ئاوێنەیەکی ڕاستگۆیە ، کە وێنەی هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی ناو دەروونی داهێنەرەکەی پیشان دەدات. سۆزی ڕاستگۆیانە بنەمایەکی سەرەکی دروستبوونی ئەزموونی شاعیرە ، کە هێز و کاریگەرییەکی زیاتر و نەمریی بە دەقەکە دەبەخشێت. مەبەستیشمان لە سۆزی ڕاستگۆیانە ؛ ڕاستگۆیی هەڵچوونی شاعیرە بەو ئەزموونە ، لەگەڵ ڕاستگۆیی لە دەربڕینیدا .

سۆزی جۆراوجۆر لە شیعرەکانی (ئاوات) دا هەن ، کە هەندێجار لە شیعرێکدا چەند جۆرە سۆزێک تێکەڵ کراون ، دیارترینیان ئەمانەن:

١- ئەزموونی تاکەکەسی : (سۆزداری و خۆشەویستی و جوانی ئافرەت) :

مەبەستمان لە (ئەزموونی تاکەکەسی) ئەوە نییە شاعیر لەو شیعرەدا تەنیا گوزارشت لە سۆزی تاکەکەسیی خۆی دەکات ، بەڵکو سۆزی ناو شیعرەکە ئەگەرچی هی شاعیرەکە خۆیەتی،بەڵام دەبێتە ئاوێنەیەک و کەسانی تریش سۆزی خۆیانی تێدا دەبیننەوە،چونکە ئەمیش خۆی بە هاوخەم و هاودەم و هاوسۆزی کەسانی تر دەزانێت:

دڵێکی وام ئەمن ناوێ بەناڵەی بێدڵان نەگری

وەکو شەونم لەسەر خونچەی گوڵان و بولبولان نەگری (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٣)

شیعری (شەو) ؛ یەکێکە لە نموونە جوانەکانی شیعری لیریکی کوردی ، لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەی (مەحوی)دا نووسراوە ، کە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

شەو کەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو

ئەو وتی : نا تێگەیشتوو ! تەجرەبەی مەردانە شەو . (مەحوی ، ١٩٧٧ : ٢٥٦)

چوواندنی ڕوخساری یار بە ڕۆژ و زوڵفی یار بە شەو ، لەگەڵ وێنەی مۆم و پەروانە وەک عاشق و مەعشووق ، ئەمانە وێنەی باون لە شیعری کلاسیکیدا ، بەڵام لەم شیعرەی (ئاوات) دا لە پێکهاتەیەکی نوێدا وێنەی نوێ و واتای نوێیان پێ بەخشراوە . (شەو) کە ناونیشانی شیعرەکەیە و کراوەتە پاش سەروایش ، دوو واتای گەیاندووە ، هەم بۆ زوڵف بەکارهاتووە و هەم بۆ واتای فەرهەنگیی خۆیشی بەکارهاتووە . لەسەرەتاوە داوای لادانی زوڵفی وەکو شەو دەکات ، کە بۆتە هۆی داپۆشینی ڕووخساری وەکو ڕۆژ :

نووری ڕوخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

زوڵمەتی زوڵفت لەسەر رووتە لە رۆژ میوانە شەو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٢)

لەلایەکی تریشەوە عاشق لە شەودا بە حەسرەتی گەیشتن بە یار لە دڵەڕاوکێدایە ؛ بەڵام لە دێڕەکانی دواتر لە (شەمع و پەروانە = عاشق و مەعشووق) ەوە ئەو وانەیە فێردەبێت ، شەو کات و شوێن و هۆی بە یەکگەیشتنی عاشق و مەعشووقە :

قەدری شەو چا بگرە چاوم، شەمع و پەروانە دەڵێن

سۆز و گریەی شەمع هەر شەو، سووتنی پەروانە شەو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٢)

لەناو وڵات و کۆمەڵێکیشدا کە عەشق قەدەغەیە ، شەو دەبێتە پەناگەی عاشقان :

عاشق و مەعشوق لە رۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵک

گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دووە، بڕوانە شەو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٢)

لەم واتا نوێیەوە ، کە (شەو) لەناو شیعرەکەدا وەریگرتووە ، (زوڵف) یش واتایەکی نوێی پێ بەخشراوە ، ئەویش ئەوەیە : رووخساری یاریش بە زوڵفەوە جوانە .

لە دێڕی کۆتاییدا خۆی هاندەدات لەم شەوە کپەدا ئامادەی هەلێک بێت بۆ گەیشتن بە یار :

هەستە کامیل بەسیە بێداری بڕۆ لێی وەرکەوە

تا وڵات بێ دەنگ و باسە و تا لە رۆژ میوانە شەو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٢)

ئەگەرچی لە واتای رووکەشی دێڕەکەدا ، بە تایبەتی دەستەواژەی (لێی وەرکەوە) بە واتای راکشان و پاڵکەوتن دێت ، بەڵام لێرەدا مەبەستی راکشانە لە تەنیشتی یار ، ئەگەر دێڕە شیعرەکە وا لێک نەدرێتەوە ، لەگەڵ واتای دێڕەکانی پێشوودا ناکۆک دەبێت ، دەربڕینی (تا وڵات بێ دەنگ و باسە) هەلێکە بۆ گەیشتن بە یار ، نەوەک راکشان و نووستن و دەستبەردان لە هیوای گەیشتن بە یار .

نزیک لە کەشی ئەو شیعرەی پێشوو ، لە شیعری (فەلەکی بەدرەفتار) دا ، باسی ئارەزووی عاشق دەکات لە تاریکی شەو و دوورکەوتنەوەی لە رووناکی رۆژ و مانگەشەو . یەکیەتی بابەتیی نێوان دێڕە شیعرەکان لەسەر ئەو بنەمایەیە ، کە شاعیر دەیەوێت هەموو ئەو دیاردانەی ئاماژەن بۆ رووناکی و کۆتایی شەو ، لەبەر ژوانی یار جوڵە و دەنگ و رەنگیان نەمێنێت ، هەموویان ئارەزووەکەی جێبەجێ دەکەن ، تەنیا (فەلەک) واتە (رۆژگار و کات) خاو نابێتەوە ، رۆژ دەبێتەوە و ژوانی لێ تێکدەدات:

خروس بێ دەنگ ، نەسیم بێ هەست ، چرا کوژاوە ، مانگ خۆی گرت

کەچی تۆ ئەی فەلەک سەبرت نەکرد هەر بەد بوو رەفتارت (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٦٦)

٢- سروشت و وەرزەکانی ساڵ : لەناو وەرزەکاندا ، وەرزی بەهار و زستان لەناو شیعری (ئاوات)دا زیاتر رەنگیانداوەتەوە و هەر یەکەیان ئاماژەی واتایی و دەروونی تایبەتی هەیە:

أ- شیعری بەهاری : کۆمەڵە شیعرێکی تایبەتە بە وەرزی بەهار ، وەک : بەهار (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧١)، بوکی گوڵ (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٣) جێژنی دڵان (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٥) ، ئەم روانینانە لە ناوەرۆکی ئەو شیعرانەدا بەدیدەکرێن :



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

- جوانی سروشتی بەهار لەگەڵ عەشق بە یەكەوە دەبەستێتەوە : وەسفی جوانیی بەهار دەكات لە ڕێگای وێنەكێشانی درەخت و گوڵ و باڵندە ، باسی عەشقی گوڵ و بولبول دەكات لەم وەرزە جوانەدا ، وەک ڕەمزێک بۆ عەشقی مرۆڤ و بە یەكگەیشتنی عاشقان:

خۆشی یە كەیفە شادی یە بەزمە هەرایە چۆپی یە

بە عەشقی بووكی بولبولە خونچە كە بووكە دڵ خەسوو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٥)

بەهار بۆتە بەهەشتی مرۆڤ و بوونەوەرەكانی ناو سروشت و هەموویان دڵشادن ، ئەمەش بەخششێكی دادپەروەرانەی خودایە بۆ هەموو دروستكراوێكی خۆی بە یەكسانی (لە واتای رووكەشدا : بەهار بە پاشایەكی دادپەروەر چوێنراوە ، بەڵام بەهاریش دروستكراوی خودایە):

كەسێ بێت و سەرنج دا عاقڵانە

دەزانێ بەخششی پاشای بەهارە

بەڵێ وایە عەتایی عادلانە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٥)

بەڵام تەنیا ئەو كەسەی عاشق نەبێت و یارێكی نەبێت ، یان وەک (ئاوات) تەنیا بێت و دوور بێت لە یار ، بێ بەشە لە خۆشی و جوانی بەهار و گیرۆدەی خەمەكانی خۆیەتی:

داخوازی دڵ و بولبول هاتۆتە دی لەم كاتە

(كامیل) كە بە تەنیایە (ئاوات) ی بەجێ نایە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٣)

یان ئەو كەسەی خۆی دڵی مردوو بێت و هەستی نەبێت ، ناتوانێت چێژ لەم جوانییەی بەهار وەربگرێت . تانە لە سۆفی و دەروێش دەدات ، چونكە خۆیان لەم جوانییە بێ بەش كردووە و ناتوانن چێژی لێوەربگرن:

لەم كاتە نەما كەس كز ، هەر سۆفی و دەروێشن

بێ مایە و دڵ ڕێشن بێ بەش لە هەموو كایە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٣)

بەهار وەک وەرزێكی سروشت و نەورۆز وەک جەژنێكی نەتەوەیی كورد لەناو شیعری كوردیدا ئاوێتەی یەكتری بوون ؛ (ئاوات )یش لە چەند شیعرێكدا دا وەسفی بەهار و نەورۆز و هیوای ژیان و خەباتی گەلی كورد پێكەوە گرێ دەدات ، دەیكاتە بیانوویەک بۆ وروژاندن و هوشیاركردنەوەی میللەتی كورد ، لەگەڵ میللەتانی پێشكەوتوودا بەراوردی دەكات ، تاوەكو نەتەوەكەی خۆی بەرەو زانست و پێشكەوتن هانبدات ؛ وەک : بای وادە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٠٩) ، شنەی بەهار (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٢٤) .

لە زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆ بەهار و نەورۆزی داناون ، بەهار و نەورۆز ڕەمزی خۆشی و هیوابەخشینن ، بەڵام بەپێی بەهاری ئەو ساڵە ، ئەگەر هاوكات بێت لەگەڵ ڕووداوێكی ناخۆش ، (سیاسی بێت یان تایبەتی ) وەسفی بەهارێكی خەمگین دەكات . وەک لە شیعری (بەهاری ناخۆش) دا ، بەهۆی كارەساتێكی سیاسییەوە ، كە لەو ساڵەدا ڕوویداوە ، وەسفی بەهارێكی خەمگین و نائومێدی خەڵک دەكات . بەڵام لە ڕێگای باسی گوڵ و بولبول و مەجنوون و لەیلا و عاشقانەوە ، بە شێوازێكی ڕۆمانسییانە گوزارشتی لێكردووە :

بولبول بۆ گوڵ و و مەجنون بۆ لەیلا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ویکرا دەیانکرد شین و واوەیلا (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٤٤)

ب- وەرزی زستان : بیر و سۆزی مرۆڤ کاردانەوەی بۆ ئەو ژینگە سرووشتییە دەبێت، کە تیایدا دەژیەت، زستانی ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان سەختە، بەتایبەتی ئەگەر لەو ناوچەیەدا ئامڕازەکانی ژیان لەبەردەستدا نەبێت بۆ ئاسانکردنی ژیانی ڕۆژانە.

(ئاوات) چەند شیعرێکی بە ناونیشانی زستان نووسیوە ، تیایاندا بە وردی باس لە سەختی ژیانی مرۆڤ و گیانداران دەکات ((قووتی دا زستان هەچی بوو ، قووتی حەیوان و بەشەر )) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٠٠) ، دەگاتە ئەو ڕادەیەی مردنی پێ خۆشترە لەو ژیانە:

ماوین بەڵام چ مان بەخودا مەرگ خۆشترە

مەرگێکە نێوی ژینە ، چ ژین ، ژینی ترش و تاڵ (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٩٤)

سنووردراربوونی جووڵەی خەڵک بەهۆی بەفری زۆرەوە ، پاڵەپەستۆی دەروونی لەسەریان دروستکردووە ، کە لە دێڕێکدا مرۆڤی بە کەوی ناو قەفەس چوواندووە: (ئینسان لە ژووریٚ ماونەوە وەک کەوی قەفەس) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٩٣)

بۆ دەربازبوون لەم بارە دەروونییە خراپە ، پەنا دەباتە بەر یادکردنەوەی خۆشی و جوانییەکانی بەهار و هیوا بۆ هاتنەوەی بەهار دەخوازێت ، ئەگەرچی ناونیشان و بابەتی شیعرەکە زستانە ، بەڵام زۆربەی دێڕەکانی بۆ یادکردنەوە و وەسفی بەهار تەرخانکردووە:

هەر پێکەنین بوو کاتی بەهاران دەهاتە گویٚ

هەر زیرە زیرە ئێستە لەسەرمان و زاڵەزاڵ (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٩٤)

لەگەڵ هاتنەوەی بەهاردا سروشت و گیاندار و مرۆڤ دەبووژێنەوە ، بەڵام ئەگەر بەهاریش بێتەوە، بووژانەوەی (ئاوات) ی بەتەمەن ئەستەمە :

کاکی (ئیمامی) تۆ تەمەنت زۆرە ، حەستەمە

بووژانەوەت بە تاوی بەهار موشکیلە و مەحاڵ (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٩٥)

٣- خەم و ڕەشبینی : (ئاوات) بەهۆی ئەو خەم و ئازارانەی لە ژیانیدا چەشتوویەتی ، تووشی تەنیایی و نامۆیی بووە:

هیچ کەس نییە هاوارکا (کامیل) لە چ لایێکە

بۆ کویٚ چووە بێچارە ، کوان هەمدەم و یارانی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٠٢)

خەم و ئازارەکان لە دیوێکەوە خراپن و لە دیوێکی تریشەوە ڕاستییەکان بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکەن ، لە کاتی تەنگانەدا دۆستی ڕاستەقینە بەدەردەکەوێت:

ڕەحمەت لە غەم و دەردم بەو دوانە ئەمن ناسیم

پاکی کەس و کاری خۆم یاری بە مەسەل گیانی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٠١)

خەم و ڕەشبینی و ئازارەکانی (ئاوات) هۆکارەکانی زۆرن ، وەک:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

أ – خەمی ژیانی سەخت : ئاوات لە قۆناغەكانی دوایی ژیانیدا تووشی هەژاری بووە ، دەوڵەمەندی و موڵك و سامانی پێشووی لەدەستداوە ، ئەمە لە چەند شیعرێكیدا رەنگیداوەتەوە:

زۆر سەڵتەنەتم بوو كەچی ئێستا ئەوە سەڵتم

جاران وەكو شا بووم و ئەوێستاكە قەلەندەر (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٦)

بێگومان راهاتن لەگەڵ ژیانی نوێی هەژاریدا بۆ كەسێك پێشتر بە خۆشگوزەرانی ژیابێت ، كارێكی سەختە و كاردانەوەیەكی خراپ لەسەر باری دەروونی دروست دەكات:

وەختە وەكو دێوانە وەكێوی بدەم ئەمڕۆ

غەم قووتمە ، غەم بەرگمە ، غەم هەمدەم و یاوەر (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٧٧)

ب- خەمی پیری و مردن: ئازاری پیری و دێوەزمەی مردن لەناو شیعرەكانی ئاوات دا رەنگیانداوەتەوە، هەندێكجار لەناو چەند دێڕە شیعرێكدا و هەندێكجاریش بابەتی هەموو شیعرەكەیە و بووەتە ناونیشانی شیعرەكە ، دوو شیعری بە ناونیشانی (پیری) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٨٠-٨١) و شیعرێكیشی بە ناونیشانی (مۆری مەرگ) ە . (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٨٢) . ئەگەرچی خەم و رەشبینی لەناو ئەو شیعرانەدا زاڵن ، بەڵام وەك كەسێكی بڕوادار ، خودا بە سەرچاوەی ژیان و مردنی دەزانێت و لەم رووەوە بێ خەمە:

تۆ (ئیمامی) كە بژی یا بمری

ئەرخەیان بە ، بە تەنێ خوا یارە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٨٢)

هەر لەسەر بنەمای ئەم بڕوایەوە ، بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە پیری و مردن دەكات:

خێڵی جحێڵی رۆیوە پیری گەیشتە لام

ناچار ئەبێ بە پیریەوە بێم و بڵێم سەلام (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٨٢)

تا من نەبا لەگەڵ خۆ بەجێم نایەڵێ دەمێ

یاخوا بەخێر بێ مۆری سپی مەرگی پێوەنام (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٨٣)

لە روانگەی خۆشەویستی یاریشەوە ، كە بۆ شاعیر سەرچاوەی خۆشەویستی ژیانە ، پیری لەبەردەم ئەو خۆشەویستییەدا نەبووەتە كۆسپ :

بەو عومرەوە هەر قیبلەمی گەر روو نەكەمە تۆ

بەو تاقی دوو ئەبرۆیە قەسەم باتڵە نوێژم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٣١)

لاوێتی تەمەنی راستەقینەی دڵدارییە و پیرێكی عاشق لەناو دەستەی لاواندا جێگای نابێتەوە:

بەڵام دەسیان نەگرتم هەرچی هەوڵم دا گەلی لاوان

دەیانگوت پیرە خاوەن ریشە ، با بڕوا لە ئاوایی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٧)

ئەگەرچی لەناخی ئەمدا هیوا و ئارەزووی عەشق زیندوو بێت، بەڵام ئەگەر یارێك نەبێتە ئاوێنە و عەشقی خۆی تێدا ببینێت، ئەم عەشقە بەزیندوویی نامێنێتەوە و هیوا و ئارەزووی عەشقیش لەناودەچێت:

بە دڵ خۆم خستە بەرپێی بەڵكە پێدانێ لەسەر چاوم



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەبەر برژۆڵ نەهات فەرمووی کە سەر چاوێکە درواوی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٧)

لە کۆتاییشدا دەبێت دان بە واقیعی تاڵی پیریدا بنێت:

(ئیمامی) هەڵگرە دەستت لە هیوا و ئارەزوو و (ئاوات)

بە جارێ تێپەڕی تاف و زەمانی جوانی یو لاوی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٨)

پ – خەمی دووری و دابڕانی یار و دۆست و خۆشەویستان: لە شیعری کلاسیکیدا زۆرجار شیعرێک بە رووکەش باسی کچێکە، بەڵام لەوانەیە بۆ کەسی نزیک و هاوڕێ و دۆست نووسرابێت ، ئەگەر بە وردی بۆنەی شیعرەکە نەزانرێت، بە زەحمەت دەتوانرێت دەستنیشانبکرێت. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە غەزەل و دڵداری باوترین بابەتی شیعری کلاسیکیی رۆژهەڵاتی ئیسلامی بووە، هەمان ئەو کەرەستە زمانییانەی لە غەزەلدا بەکارهاتوون بۆ بابەتەکانی تریش بەکارهێنراون. شیعری تەسەوف باشترین بەڵگەی ئەم راستییەیە، کە زاراوە و کەرەستە زمانییەکانی هەمان کەرەستەی شیعری دڵداری و مەینۆشییە.

چەند شیعرێکی ئاوات دەربڕینی سۆزی دووری و دابڕانە ، بەڵام روون نییە بۆ یار یان بۆ کەسی نزیک و هاوڕێ و خۆشەویستەکانی وتراوە ، ئەم ناڕوونییەش شیعر لە چوارچێوەی تەسکی تایبەتییەوە بەرەو گشتگیری دەبات و ئەوەندەی تر جوانتر و بەرزتری دەکات.

لە شیعری (خەرمانی مەینەت) دا ، ئەگەرچی سەرەتای وەرزی پایزە و هاوشێوەی بەهار سروشت رازاوەتەوە ، بەڵام دڵی ئەم لە دووری ئازیزی خۆی هیچ چێژێک لەو جوانییە وەرناگرێت و ئەوەندە دڵی تەنگە وا هەست دەکات لە لێواری گۆڕ نزیکبۆتەوە:

بەبێ ئازیزی دڵ مەرگی (ئیمامی)

نزیکە دا بڵێ بێن گۆڕهەڵکەن (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١١)

عەشق وخۆشەویستی بە بوونی دوو جەمسەر پێک دێت ، لەکاتی دابڕانی یەکێک لەو دوو جەمسەرە وێنەیەکی ناتەواوی لێدەردەچێت ، وەک پەروانەی بێ مۆم و بولبولی بێ گوڵ:

پەروانەم و ئەمما نی یە شەمعێ کە بسووتێم

خەم بوو ، کە وەراندوویە لەمن هەرچی پەڕوپۆم

یا بولبولم و نیمە گوڵی باخ و لەداخان

لەم قونجرە هێلانەیە وێرانەیە نارۆم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٣٤)

ت- شیعری شیوەن و لاوانەوە و ماتەم:

لە هەموو بابەتە شعرییەکانی تر زیاتر هەڵچوونی سۆزی تێدایە ، بە زۆری بە شێوازی دواندنی مردووەکە دادەڕێژرێت ، (د.شوقی ضیف) لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەم مەبەستە شیعرییە چەند جۆرێکی لە شیعری عەرەبیدا دەستنیشانکردووە ، کە پەیوەندییان بە قۆناغەکانی ئەم کارەساتەوە هەیە ، ئەوانیش : ١- شیوەنکردن بۆ کەسە مردووەکە. ٢- یادکردنەوەی ئاکار وکردەوە چاکەکانی . ٣- پرسە ، قۆناغی ئارامگرتن و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

رازیبوونە بەو چارەنووسەی خودا دەستنیشانیكردووە ، كە هەموو مرۆڤ و بوونەوەرێک لەم ژیانەدا كۆتایی پێدێت . ( ضیف ، ١٩٨٧ : ٨٦،٥٤،١٢ )

ئاوات چەند شیعرێكی لەم بابەتە نووسیوە ، ئەگەرچی كەسێكی بڕوادارە ، بەڵام بێ ئومێدی باڵی بەسەر زۆربەی شیعرەكاندا كێشاوە ، دەروونی رووخاوە و خۆزگە بە مردن دەخوازێت:

ئەی خودا بۆچیمە تازە ژینی هێندە تاڵ و توش

دوو برا بووین بازی دا ئەو ، نۆرە هەنگاوی منە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٨)

لە زۆربەی شیعرەكاندا بەپێی وشە و دەربڕینەكان ، لە هەڵچوونی دەروونیدایە و دەچنە خانەی شیعری (شیوەن) ؛ لەبەرئەوەی زۆربەی شیعرەكان دەربڕینی سۆزێكی هەڵچووە ، زۆر بەكەمی باسی رەوشت و ئاكارە باشەكانی ئەو كەسە دەكات، كە پێویستی بە ئارامی و هێوربوونەوە هەیە و بەزۆری لەو شیعرانەدا ئاماژەی بۆ دەكرێت ، كە ماوەیەک بەسەر مردنەكەدا تێپەڕ بووبێت و یادی ئەو كەسە بكرێتەوە:

ئەو هەموو ئەخلاقە شیرینەت لەگەڵ پیر و جەوان

دەک كتوپڕ بم ئەگەر ساتێ لەبیرم چێتەوە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٥٥)

## تەوەری سێیەم : كێشەی نێوان سۆز و عەقڵ لە شیعری (ئاوات) دا :

هەردوو چەمكی (سۆز) و (عەقڵ) لە بوارە مەعریفییە جیاوازەكاندا گرنگی خۆیان هەیە و لە هەر بوارێكدا واتای جیاواز و تایبەت دەگەیەنن ، وەكو بواری فەلسەفە و دەروونناسی و كۆمەڵناسی، لە بواری مێژووی ئەدەبیشدا، بە دەستنیشانكردنی سروشتی كێشەی نێوان ئەم دوو چەمكە، دەتوانرێت قۆناغە مێژووییەكانی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک لە یەكتری جیابكرێنەوە.

دەتوانین بەم چەند وشەیە دوو پێناسەی گشتگیر بۆ ئەو دوو چەمكە بكەین:

- عەقڵ : واتە زاڵبوونی گشت بەسەر تاكدا ، یان پابەندبوون و خۆبەستنەوە بە یاسا گشتییەكان.
- سۆز : واتە زاڵبوونی تاک بەسەر گشتدا ، ئاراستەی تاكخوازی و خۆنەبەستنەوەیە بە یاساكان.

لە سەرەتاوە ئاماژەیەک بۆ دابەشكردنی دەروونی مرۆڤ دەكەین لە روانگەی (فرۆید)ەوە، كە پەیوەندی بەم كێشەیەوە هەیە:

(فرۆید) دەروونی مرۆڤی بەم شێوەیە دابەشكردووە:

١- ئەو : پێكهاتووە لە گشت بۆماوە و پێداویستی و حەز و ئارەزووە ئاژەڵییەكان . ئەم بەشە بەپێی بنەمای (چێژ) دوور لە گشت یاسا و رێسایەكی لۆجیكی و مرۆڤانە كاردەكات و هیچ شتێک دەربارەی دابونەریت و ئاكاری جوان و بەهای كۆمەڵایەتی نازانێ و گوێڕایەڵیان نابێت.

٢- من : ئەو بەشەیە لە كەسایەتی مرۆڤ، كە دەكەوێتە نێوان جیهانی دەرەوە و داواكاری و پێداویستییەكانی (ئەو) ، بەپێی بنەمای واقیع هەڵسوكەوت دەكات و وەک رێكخەرێک وایە لەنێوان ئەو دوو هێزەدا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٣- منی باڵا : نوێنەری بەها و دابونەریت و ئاكاری كۆمەڵایەتییە لەناو خودی مرۆڤدا . (قەرەچەتانی ، ١٩٩٦ : ٢٨- ٣٠)

بەپێی پێناسەكان هەر سێ بەشەكان پەیوەندییان بە (عەقڵ) و (سۆز) ەوە هەیە ، بەم شێوەیە:

- ئەو : پەیوەندی بە سۆزەوە هەیە ، چونكە زاڵبوونی تاكە بەسەر گشتدا.
- منی باڵا : پەیوەندی بە عەقڵەوە هەیە ، چونكە زاڵبوونی گشتە بەسەر تاكدا.
- من : هاوسەنگی لەنێوان عەقڵ و سۆزدا رادەگرێت.

لەبەرامبەر ئەو سێ بەشەی دەروون ، لە تەسەوفدا زاراوەی (دڵ و عەقڵ و نەفس و روح) بەكارهاتووە ، كە هەریەكەیان چەند دیوێكی هەیە ، ئەوەی پەیوەندی بە شیعرەكانی (ئاوات) ەوە هەبێت لەناو شیكردنەوەكاندا ئاماژەیان بۆ دەكەین.

كێشەی نێوان عەقڵ و سۆز ، كە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری تەسەوفەوە هەبووە ، یەكێكە لە بابەتە گرنگەكانی ناو شیعری ئاوات و رووبەرێكی فراوانی لە شیعرەكانیدا داگیركردووە.

## چەمكی (دڵ) لە شیعری (ئاوات) دا :

بۆ دەستنیشانكردنی روانین و هەڵوێستی (ئاوات) لە كێشەی نێوان سۆز و عەقڵدا ، لە چەند نموونەیەكدا چەمكی (دڵ) لەناو شیعرەكانیدا روون دەكەینەوە.

(دڵ) وەك رەمزێك و كۆدێكی شیعرییە لە دیوانی (ئاوات) دا ، بە رادەیەكی زۆر لە شیعرەكانیدا بەكاریهێناوە ، بە دوو واتای جیاواز لە شیعرەكاندا هاتووە ، هەندێك جار رێگای عەشقی راستەقینەیە ، هەندێك جاریش وەك رەمزی ئارەزووە دنیاییەكانە، كە مرۆڤ تووشی هەڵە دەكات. بە دوای (دڵ) و عەشق و ئارەزوو كەوتن ، ئەنجامەكەی لەناوچوونە ، ئەم واتایەی دووەم بەرامبەر بە زاراوەی (نەفس) ە لە بواری تەسەوفدا ، كە ((شوێنی ئاكاری بەدە ، بە هەمان شێوە كە گیان شوێنی ئاكاری چاكە)) (شوان ، ٢٠١٠ : ٣٢٢)

بۆ نموونە لە شیعری (بیمار خۆم ) ، دڵ بە واتای ئارەزوو هاتووە ، كە رێنیشاندەری خراپەیە:

هەر تەریقێكی تەریقەت نایەوێ دەمباتە وێ

ئەو وەبەر خەنجەر كەوێ یارەب منیش بیمارخۆم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٥)

لێرەدا بە ئاشكرا (دڵ) دژایەتی بیری تەسەوف دەكات ، تەنانەت جێناوی (ئەو) ی بۆ (دڵ) بەكارهێناوە ، كە لە (شاری دڵ) و چەند شیعرێكی تردا جێناوی (من) ی بۆ بەكارهێناوە . لەو شیعرەی سەرەوەدا (دڵ) بە واتای (نەفس) یان دیوە خراپەكەی (من) بەكارهاتووە.

شیعری (شاری دڵ) ؛ ئەم شیعرە و چەند شیعرێكی تری هەمان ئاراستەی هزرییان تێدایە ، تەنانەت چەند وشە و گوزارشتێك تیایاندا دووبارە بوونەتەوە ، وەك (شاری دڵ ، زەدەی پەنجەی پەری ، شاری مەستان، ..) ؛ لەم شیعرەدا ئاوات لایەنگری سۆزە ، چونكە جێناوی (من) ی بۆ سۆز و دڵ ، جێناوی (ئەو) یشی بۆ عەقڵ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەکارهێناوە . خاڵێکی تری گرنگ لە دێڕی کۆتاییدایە ، کە (کامیل) دەکەوێتە نێوان هەردوو لایەنەکە و (سەر) ی سوڕدەمێنێت، کە سەر جێگەی عەقڵە:

لەم هەموو چوون و نەچوونە سەری سوڕما کامیل

من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ وا جوانە نەچی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٣)

خاڵێکی تری گرنگیش لە هەمان دێڕدا ئەوەیە ، کە هەردوو لایەنەکە لە یەک شتدا هەم خاڵی جیاوازییانە و هەم خاڵی هاوبەشیانە ، ئەو شتەش (جوانی) یە . گوزارشتی (وا جوانە نەچی) بە دوو واتا دێت ، واتایەکیان ئەوەیە : وا باشە نەچیت بۆ ناو شاری دڵ ، واتاکەی تریش ئەوەیە : لەبەر ئەوەی کە جوانە نەچیت . ئەگەر واتای دووەم وەربگرین (جوانی) دەبێتە خاڵی هاوبەشیان ، بەڵام لە رووی عەقڵەوە جوانی دەبێتە سەرچاوەی وێرانەیی ، لە رووی سۆزیشەوە دەبێتە سەرچاوەی شادی و کامەرانیی ژیان.

بەلای عاریفەکانەوە عەقڵ چەند ئاستێکی هەیە ، ئاستی یەکەم (عەقڵی یەزدانی) یە ، کە (ڕاستەوخۆ زانست لە خواوە وەردەگرێت ، بەبێ هیچ نێوەندگیرێک) (حمدي ، ٢٠٠٠ : ٧٧) ، (ئاوات) یش دەیەوێت لەم ئاستە عەقڵییەدا خوای خۆی بناسێت . لە شیعری (من و دڵ ) دا (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٠٨) هەر لەناونیشانەوە دیارە خۆی بە پێڕەوی (دڵ) داناوە ، لە دێڕی یەکەمەوە دژی ئەو رەوتەی ناو ئاینە ، کە ئاینیان بە عەقڵانییەتێکی وشک وەرگرتووە:

من و دڵ عاشقی هەر زەرق و بەرقین

بە پیریش گوێم نەدایە وەعز و تەڵقین (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٠٨)

لە روانگەی (ئاوات) ەوە : واعیز و سۆفی لە ئایندا (یان لە عەشقی خودایی و راستەقینەدا) وەکو (رەقیب = ناحەز) ی عەشقی مەجازیین ، واتە هەرسێکیان دژی عەشق و جوانی و (دڵ) ن:

هەرکەسێکی گەر ئەویندار و بریندار بێ دڵی

سۆفییانی ریش درێژ خوێنیان لە کاسەی کردووە

بۆ (ئیمامی) واعیز و سۆفی و رەقیب فەرقی نییە

دڵ بە دەست ئەو سیانەوە گوێت لێیە وەیوەی کردووە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٧)

دڵ بەبێ عەشق وەکو شارێکی وێرانە و بازاڕێکی بێ مامەڵەیە ، تەنیا بە بیرکردنەوە لە یار و عەشقی یار ئاوەدان دەبێتەوە:

کە یادی دلبەرم تەشریفی بردە ناو دڵی زارم

لە بەینی عەقڵ و عیشقم دا لەسەر ئەو شۆخە دەعوا بوو (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٦٤)

بیرکردنەوە لە یار لەناو (عەقڵ) دایە، بەڵام کە دەچێتە ناو دڵ دەبێتە عیشق ، عیشقیش (تاسە و ئارەزوویەکی زۆر و لەڕادەبەدەرە بۆ شتێک) (سجادی ، ١٣٨٣ : ٥٨٠)

سەر و دڵ واتە عەقڵ و سۆز بەبێ عەشق بێ بەهان ، مرۆڤ بەبێ عەشق ، عەقڵ و سۆزی ناتەواو و پێنەگەیشتووە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سەرێ شۆری نەبێ کاسەی بەتاڵە
دڵێ عیشقی نەبێ خونچێکی کاڵە
نە ئەو کاسە دەبێ پڕ تاقیامەت
نە ئەو خونچە دەگا تازە مەحاڵە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٩٦)

سەر (عەقڵ) بەبێ عەشق بە کاسەی بەتاڵ و سەری شۆڕ و بێ بازاڕ و بێ برەو وەسف کردووە. دڵی بێ عەشقی بە خونچەی پێنەگەیشتوو و پێڵاوی چەرم چوواندووە (دڵێ بێ خۆشەویستی بێ، بە کاڵە) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٩٧) . واتە عەشق و خۆشەویستی ڕاستەقینە دڵ و عەقڵ پێکەوە کۆدەکاتەوە و هاوسەنگی لەنێوانیاندا ڕادەگرێت.

کەواتە : ڕوانین و بیرکردنەوەی ئاوات لەم کێشەیەدا ، ڕوانینێکی عیرفانی و میانڕەوانەیە و دژی توندڕەوییە ، نە لەگەڵ ئەوەیە مرۆڤ وەک ئاژەڵ خۆی بداتە دەست غەریزە و ئارەزووەکانی خۆی ، نە لەگەڵ ئەوەشدایە لەناو یاسا ئاینییەکاندا خۆی وشک بکاتەوە و دوور بکەوێتە لە هەموو چێژ و جوانییەکی ژیان.

لەو دوو واتایەی (دڵ) لەناو شیعرەکاندا بەکاریهێناوە، خۆی لایەنگری ئەو دڵەیانە کە سۆز و خۆشەویستی لە چوارچێوەی بنەما ئاینییەکاندا تێدایە، لەسەر ئەو بنەما تەسەوفییەی کە (عەقڵ خزمەتکاری دڵە و دڵیش بۆ ئەوە خولقێنراوە سەیری جوانی خودای پێبکرێت) (الغزالي :٥) . لە ڕووی دەروونناسیشەوە چەمکی(من) یان (دڵ) لەلای ئاوات هەمان چەمکی (من) ە بەپێی شیکردنەوەکەی فرۆید ، کە هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان سۆز و عەقڵ دا.

## تەوەری چوارەم : خەیاڵ

داهێنەری دەقی ئەدەبی ئەو سۆزەی دەیەوێت بیوروژێنێت و ئەو بیرو پەیامەیش دەیەوێت بیگەیەنێت بە هۆی خەیاڵەوە ئەنجامیدەدات ؛بە خەیاڵ واقیعێکی (یان جیهانێکی) تایبەتی لەناو دەقەکەدا دروست دەکات ، کە ئەو سۆز و بیرە تایبەتییە تیایدا بەرجەستە دەبێت.

لە شیعری کلاسیکیدا کەرەستە و کلێشەی ئامادەکراو بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری هەیە، بەڵام ئەزموونی شاعیر لەوەدا دەردەکەوێت ، کە وێنەی جوان و نوێ لەو کەرەستانەوە دروستبکات؛ بۆ نموونە زۆرجار لە شیعری کلاسیکیدا زوڵفی یار بە داو یان زنجیر چوێنراوە، شاعیریش (یان دڵی شاعیر) بە باڵندەیەک چوێنراوە ، کە بەو داو و زنجیرە گیرۆدە دەبێت. ئاوات لەم دێڕەی خوارەوەدا کەرەستەکانی هەمان وێنەی وەرگرتووە، بەڵام بە دەربڕینێکی نوێ وێنەیەکی نوێی لێ دروستکردووە:

ئەو هەموو زوڵفە بە زنجیری مەکە بۆ ملی من
تەیری وا بێ پەڕوباڵ کەوتبێ داوێکی بەسە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١٦)

بۆچی هەموو زوڵفت وەکو زنجیر دەخەیتە ملی من ، خۆ من وەکو باڵندەیەکی بێ پەڕ و باڵم تەنیا بە داوێکی ئەو زوڵفە ئەستوورە دەتوانیت ڕاوم بکەیت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەلایەکی تریشەوە ئەزموونی شاعیر لەبواری خەیاڵ و وێنەی شیعریدا ئەو کاتە دەگاتە ئاستێکی بەرز و داهێنەرانە ، کە بتوانێت وێنەی شیعری وا دروستبکات، تەنیا لە سەرچاوەی خەیاڵی خۆیەوە هەڵقوڵابێت. ئاوات وەک شاعیرێکی بە ئەزموون ، وێنەی شیعریی داهێنەرانەی زۆرە، بۆ نموونە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

١- نموونەی ئەو وێنانەی بەهۆی لێکچوواندن و خواستنەوە پێکهاتوون:

سەراپا نوورم و ڕووناک ئەگەر لوتفت لەگەڵ من بێ

بە شەوق و زەوقەوە دەمرم شەمی شامی غەریبانم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٤٤)

واتە : ئەگەر خودا بە میهرەبانی خۆی لەگەڵ منی گوناهبار نەرم بێت ، منیش هەتا مردن وەکو مۆمێکی ڕووناک بە شەوق و ئارەزووەوە بۆ ئێوارەی تاریکی غەریبان دەسووتێم. چوواندنی خۆی بە مۆم وێنەیەکی دووبارەیە ، بەڵام چوواندنی خۆی بە مۆمێک ، کە دڵی تەنگی کەسانی نامۆ لە کاتی شەودا ڕووناک بکاتەوە ، وێنەکەی جیاواز کردووە.

لە شیعرێکدا بێزاری خۆی لە کۆمەڵ و دەوروبەری دەردەبڕێت ، کە ڕێز و نرخی شاعیر و ژیر ناگرن ، ئارەزووی ئەوە دەکات خۆی لەو خەڵکە ون بکات و کەس ناوی نەهێنێت:

مەمکەنە بەرموور لەبەر چاوان بە دەنگ و باسەوە

با وەپشت گوێم خەن جووانان لێم گەڕێن با گوارە بم

نەچمە سەرچاو وەک برۆ ، وا چاکە من بۆ ماوەیەک

هەروەکو ڕیشێکی بێ ئیش جوانە هەر لەو خوارە بم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٥)

هەردوو دێڕە شیعرەکە لەسەر یەک تەکنیک داڕێژراون ، لە هەر دێڕێکدا دوو وێنەی لێکچوواندنی دروستکردووە و یەکێکیانی پەسەند کردووە ، لێچوو (خۆیەتی) بەڵام دوو لەوچوو دێنێتەوە، خۆی بە یەکێکیان دەچوێنێت و نایەوێت خۆی بەوی تریان بچوێنێت.

لە دێڕی یەکەمدا : نایەوێت بکەوێتە بەرچاو و سەرزاری خەڵکی و دەیەوێت لەبیریان بچێتەوە و فەرامۆشی بکەن ، نایەوێت لەو ملوانکە و گەردانەیە بچێت، کە لە مل و گەردنی جوانێکدایە و سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت. بەڵکو حەزدەکات وەک گوارەی گوێی جوانێک بێت ، کە دەکەوێتە پشتی گوێ و لەناو زوڵفدا دەشاردرێتەوە و کەس نایبینێت. پەیوەندییەکی ژێرەوە لەنێوان وشەی (پشت گوێ) و (گوارە) دا دروستبووە ، لەلایەکەوە بە واتای ئەوە دێت : چۆن گوارە لە گوێ دەکرێت، با منیش وەک گوارەیەک بخەنە پشتی گوێیان، واتاکەی تریشی ئەوەیە : با فەرامۆشم بکەن، کە ئەمەیان مەبەستەکەیەتی.

لە دێڕی دووەمدا : نایەوێت خۆی بە برۆ بچوێنێت ، چونکە برۆ لەسەر چاوە و شوێنی ئاشکرایە و پایەیەکی بەرزیشی هەیە ، کاتێک بە کەسێک دەوترێت سەرچاوم ، بۆ دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستییە و بەخشینی شوێن و پایەیەکی بەرزە بەو کەسە ؛ بەڵام ئاوات وەک کەسێکی خاکی و خۆبەکەمزان، خۆی بە ڕیشێک دەچوێنێت کە لەخوارەوەی ڕووخسارە و هیچ ئەرک و بەهایەکی نییە . کەواتە جیاوازی نێوان دوو لەوچووەکە ئەوەیە، یەکێکیان لەسەرەوەیە و ئەویتریان لەخوارەوەیە، شاعیر لە ڕوانگەی خاکسارییەوە نزمەکەیان هەڵدەبژێرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە وێنەیەکی تری شیعریدا خۆی بە کیسەڵ و خەمیشی بە قەپێلکی کیسەڵەکە چوواندووە:

ئەگەرچی هەروەکو کیسەڵ لە قاپێلکی خەما خەوتووی

لە کالانا مەوێستە هەروەکو تیغی دەبان وابە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٦٤)

لە شیعری (ریشی سپیکار)دا، لە دێڕی یەکەم و دووەمدا (زستان) بە یاری خۆی دەچوێنێت ، کەچی لە دێڕی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا (زستان) بە خۆی دەچوێنێت ، یەک لێچووی هێناوە بۆ دوو لەوچوو (یار و خۆی) ، واتە لەناو سیماکانی وەرزی زستاندا وێنەی خۆی و یار دەبینێت ، بەتایبەتی پەیوەندیی سارد و سڕی نێوان خۆی و یار:

یاخودا زستان بەخێر بێ چونکە وەک یاری منە

سارد و سڕ،بێ میهر و بێ مەیلە جەفاکاری منە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٦٢)

– شاعیرانی پێش ئەمیش لە یاری شەترەنجەوە وێنەی شیعرییان دروستکردووە، بەڵام ئەم وێنەیەکی نوێی دروستکردووە :

لە شەترەنجی خەیاڵت بازیگەر بووم

بە دەس فیلی فیراقت بووم کش و مات (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٠٠)

لە نیوەی یەکەمی دێڕەکەدا خەیاڵی یارەکەی بە شەترەنج و خۆیشی بە یاریکەری شەترەنج چوواندووە ، لە نیوەی دووەمدا دابڕانی یاری بە فیلی شەترەنج و خۆیشی بە پاشایەکی کش لێکراو چوواندووە.

لە شیعری (ڕێی هات و نەهات) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٠١) دا ، وێنەی ڕابردووی خۆی بە شێر و وێنەی ئێستایشی بە ڕێوی چوواندووە ، بەڵام دوو سیفەتی جیاوازی لە ڕێوی وەرگرتووە، جارێک سیفەتی ترسنۆکی و بێ دەستەڵاتی و جارێکیش سیفەتی فێڵبازی لێوەرگرتووە. لەناو شیعرەکەدا بە شێوەی وێنەیەکی ناڕاستەوخۆ (ئارەزوو و شەهوەتەکانی خۆی) بە (ڕێوی) چوواندووە ، هەم فێڵبازە و هەم بەزیو و بێ دەستەڵاتە:

هەروەها وێنەیەکی شیعری داهێنراوی لەم دێڕەشدا دروستکردووە:

وێنەی قەد و باڵای کە لەناو چاوی پڕ ئاوە

سەیری کە چلۆن دێتە مەلە مورغەکی ئابی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٠٨)

وێنەی یار لەناو چاوی پڕ فرمێسکی شاعیردا وەکو مراوییەکە لەناو ئاودا مەلە دەکات. دەشێت ئیلهامی ئەم وێنەیەی لەوێنەیەکی جوانی (سالم) ەوە وەرگرتبێت ،کە دەڵێت:

گوڵی رووت عەکسی وا داوە لە دیدەم

هەموو قەترەی سریشکم وەک گوڵاوە (سالم ، ١٩٧٢ : ١٣٣)

لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەیشدا وێنەیەکی نوێی لە وێنەیەکی باوەوە دروستکردووە :

پەروانەم و ئەمما نی یە شەمعێ کە بسووتێم

خەم بوو ، کە وەراندوویە لە من هەرچی پەڕ و پۆم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٣٤)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پەروانە (عاشق) بە گڕی مۆم (مەعشووق) پەڕوباڵی دەسووتێت و هەڵدەوەرێت ، ئەمە وێنەیەکی باوە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا ، بەڵام لێرەدا پەروانە(شاعیر) بە خەمی نەبوونی مۆم (یار)سووتاوە، تەنانەت ئەگەر مۆمیش هەبێت، پەڕوباڵی بە خەم هەڵوەریوە و نەماوە تاوەکو بسووتێت.

لە وێنەیەکی شیعری تردا، سروشت و ژینگەی کوردستان تیایدا ڕەنگیداوەتەوە ، ئەو جۆرە وێنانەیش لاسایی کردنەوە نین ، وێنەی خودین و لە خەیاڵی شاعیر خۆیەوە هەڵدەقوڵێن . لە وێنەشیعرییەکەدا (غەم) ی بە (شاهێن=ڕاوکەر) و خۆی بە (کەو=نێچیر) چوواندووە:

غەم وەکو شاهێن بەرەو رووم دێ بە قین

ئەمنی هەژاریش بەخودا وەک کەوم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٣٦)

لە چوارینەیەکدا خۆی بە (کۆلکەدارێکی پیر = داری ئەستوور) و کچێکی جوان و دڵگیریش بە (باز) دەچوێنێت ، داوای لێدەکات کەمێک لەلای دابنیشێت ، هەروەک چۆن بازێک بەسەر کۆلکەدارێکەوە هەڵدەنیشێت:

جوان چاک وەرە لام کەمێ لە لام ڕۆنیشە

توخوا مەڵێ هیچە پیرە خاوەن ریشە

وەبزانە گوڵم کە کۆلکەداری پیرم

تۆش بازی وەرە لەسەر سەرم هەڵنیشە (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٢٧٨)

٢- ئەو وێنانەی بەهۆی (درکە) وە دروستبوون : بۆ نموونە (دێوی سپی) وێنەیەکی شیعرییە وەک درکەیەک، لە شیعرێکدا بە واتای (پیری) هاتووە:

خێڵی جحێڵی ڕۆیوە پیری گەیشتە لام

ناچار ئەبێ بەپیریەوە بێم و بڵێم، سەلام

میوان دەڵێن عەزیزە دەبێ ڕێزی لێگری

جا چۆن ئەمن لە دێوی سپی بگرم ئیحتیرام؟ (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٨٢)

لە شیعرێکی تریشدا بە مەبەستی (بەفر) بەکاری هێناوە:

تەم لەگەڵ بەفری بەرانا وا سەری کوێستانی گرت

سەربەرەو ژێر، کەم کەمە دێوی سپی بۆمان خزی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٠٤)

٣- نموونەی ئەو وێنانەی بەهۆی جوانی بایسەوە پێکهاتوون:

لەم دوو دێڕەدا ستایشی پێغەمبەر دەکات ، بە سوود وەرگرتن لە هونەری جوانی بایس:

وەنەوشە گەردنی خۆی کرد بڵند لە ڕاستت زوو

نەسیمی سوبح سەری کرد نەوی و دای قەسەمی

کە تا وجودی هەیە سەرنخوون وەل کەچ بێ

سیاە پەردە بێ دایم هەتاکو دێ عەدەمی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٤٧)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

گوڵی وەنەوشە بە سروشتی خۆی لاسکەکەی چەماوەتەوە ، بەڵام ئاوات هۆیەکی تری بۆ دۆزیوەتەوە ، تاوەکو لە وێنەیەکی شیعریی جواندا وەسف و ستایشی جوانی و مەزنی پێغەمبەر بکات . وەنەوشە لە ئاستی پێغەمبەردا سەری بەرزکردۆتەوە ، شنەی بەیانیانیش هاتووە بەسەریدا و سەری پێ نەوی کردووە و سوێندیشی داوە هەتا هەتایە ملکەچ و سەرشۆڕ بێت.

٤- یەکێکی تر لە داهێنانەکانی ئاوات لە بواری وێنەی شیعریدا لەو شیعرانەدا دەبینرێن ، کە لە هەموو دێڕەکانی شیعرەکەدا بە یەک شێواز وێنەکان داڕێژراون ، ئەم شێوازەیش (وێنەی گشتی) لە شیعرەکەدا دروست دەکات ، چونکە لە هەموو شیعرەکەدا یەک لێچوو هەیە و دەبێتە چەقی شیعرەکە ؛ لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی پتەوکردنی یەکیەتی بابەت ، کە ئەمەش لادانێکی تری شاعیرە لە تایبەتییەکانی شیعری کلاسیکی.

لە شیعری (پەروانە دەیزانێ) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٧) دا ، هەموو دێڕەکانی ئەم شیعرە لەسەر هاوکێشەیەک داڕێژراون ، کە شێوەیەکە لە لێکچواندنی ناڕاستەوخۆ ، لەجیاتی بڵێت : (ئەم حاڵەتەی من لەو شتە دەچێت) دەڵێت : (ئەو بەم حاڵەی من دەزانێت) . لە هەموو دێڕەکاندا خۆی لێچووە و لەوچووەکانیش ئەمانەن : (پەروانە ، بولبول ، دێوانە ، دڵی وێرانە) ، جگەلە دێڕی سێیەم کە باسی (بسک)ی یار دەکات ، بەڵام ئەو دێڕەیش لەسەر هەمان هاوکێشە داڕێژراوە.

هەروەها لە شیعری (نۆرە هەنگاو) دا (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٧) ، وێنە شیعرییەکانی ناو هەموو دێڕەکان بە یەک شێواز داڕێژراون ، لەسەر بنەمای بەراورد و لێکچوواندنی سروشتە بەخۆی ، کە لێکچوواندنێکی ئاوەژووە ، شتێک یان دیاردەیەکی سروشتی وەرگرتووە و بە تایبەتییەکی خۆی چوواندووە ، واتە لە وێنەکاندا خۆی بووەتە لەوچوو ، بەڵام لە ڕاستیدا هەر خۆی ئامانج و چەقی ڕاستەقینەی بابەتی شیعرەکەیە ، ئامانجیش لەم جۆرە لێکچوواندنە ئەوەیە دەربڕینەکان بەهێزتر و کاریگەرتر بن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ئەنجام:

**گرنگترین ئەنجامەكان لەم خاڵانەی خوارەوەدا كورت دەكەینەوە:**

١- روانگە و لێكدانەوەی شاعیر بۆ ژیان و دیاردەكانی لە چوارچێوەی باوەڕیەتی بە بوونی خودا .

٢- لە رووی شیعری نیشتمانی و سیاسییەوە وەک شاعیرێكی نوێ دەردەكەوێت ؛ رووداو و بۆنە سیاسییەكانی ئەو كاتە لەناو شیعرەكانیدا رەنگیانداوەتەوە ، لە هەندێک شیعردا وەک شاعیرێكی بەرگری و لە هەندێكی تریشدا رەشبین و بێ ئومێد دەردەكەوێت .

٣- بوونی ئاراستەی سروشتخوازی و زیندەوەرخوازی بابەتێكی شیعریی نوێیە و بەهای خۆی لە ئەزموونی شیعریی (ئاوات) دا هەیە.

٤- لەناو وەرزەكاندا ، وەرزی بەهار و زستان لەناو شیعری ئاوات دا رەنگیانداوەتەوە و هەر یەكەیان ئاماژەی واتایی و دەروونی تایبەتی هەیە .

٥- وەسفی سروشتی بۆ گوزارشتكردن لە دەروونی خۆی و وروژاندن و هوشیاركردنەوەی میللەتەكەی بەكارهێناوە.

٦- كێشەی نێوان سۆزو عەقڵ ، یەكێكە لە بابەتە گرنگەكانی ناو شیعری (ئاوات) و رووبەرێكی فراوانی لە شیعرەكانیدا داگیركردووە . روانین و بیركردنەوەی (ئاوات) لەم كێشەیەدا، روانینێكی عیرفانی و میانڕەوانەیە و دژی توندڕەوییە .

٧- (دڵ) وەک رەمزێک و كۆدێكی شیعرییە لە دیوانی (ئاوات) دا، لەو دوو واتایەی (دڵ) لەناو شیعرەكاندا بەكاریهێناوە، خۆی لایەنگری ئەو دڵەیانە كە سۆز و خۆشەویستی تێدایە لە چوارچێوەی بنەما ئاینییەكاندا.

٨- وەک شاعیرێكی بە ئەزموون ، لە وێنە باوەكانیشەوە وێنەی شیعریی نوێی پێكهێناوە ، لە پاڵ ئەوانەیشدا وێنەی شیعریی داهێنەرانەی زۆرە ، كە لاسایی كردنەوە نین و لە خەیاڵی شاعیر خۆیەوە هەڵقوڵاون.

٩- یەكێكی تر لە داهێنانەكانی ئاوات لە بواری وێنەی شیعریدا لەو شیعرانەدا دەبینرێت ، كە لە هەموو دێڕەكانی شیعرەكەدا بە یەک شێواز وێنەكان داڕێژراون ، ئەم شێوازەیش (وێنەی گشتی) لە شیعرەكەدا دروست دەكات


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# An Aspect in the Poetic Experience of the Classical Poet Awat

**Jabbar Ahmed Hussein**
Kurdish Department, College of Languages , Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** jabbar.hussein@su.edu.krd

**Abstract:**

A literary text is a personal thought or emotion of the writer that are illustrated in the world of imagination. S/he conveys this very personal intuition into the readers' side (addressee) through a crafty language and a highly technical style. Thus, each and every literary text is composed of four elements: three of them are the internal structure of the poem, which are theme, emotion, and imagination, and the fourth one is style, which is the incarnation of the previously-mentioned elements. All of these elements are firmly interconnected to each other and could only be separated for research purposes.

The aim of this study is to pinpoint the internal structure of Awat's poetry and to show an aspect of his poetic experience.

**Key words:** Awat, Kamil Imamy, Poetic Experience, Theme, Emotion, Imagination.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## سەرچاوەکان:


ئاوات ( دیوان ) ، (١٣٨٧)، لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی، چاپی دووەم ، مهاباد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رەهەرەوی

ئاوات ، (٢٠١٣) ، شاری دڵ ، ئامادەکردنی ؛ سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی ، تاران، بڵاوکەرەوەی ئانا.

ئاوات ، (٢٠١٣) ، دیوانی نوێی شیعرەکانی سەیدکامیلی ئیمامی (ئاوات) ، نووسین و ئامادەکردنی : ئەنوەر سوڵتانی ، www.bokan.de

خەزنەدار ، د.مارف ، (٢٠٠٦) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی شەشەم ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

سالم (دیوان) ، (١٩٧٢) ، چاپی دووەم ، هەولێر، چاپخانەی کوردستان .

شوان ، د.ئیبراهیم ئەحمەد ، (٢٠١٠) ، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی ، هەولێر،بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

قەرەچەتانی ، د.کەریم شەریف ، (١٩٩٦) ، دەروازەی دەروونزانی ، هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین .

مەحوی (دیوان) ، (١٩٧٧) ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم ، بەغدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق-کورد

ابن العربي ، محي الدين ، (١٩٩٥) ، اصطلاحات الصوفية ، القاهرة ، عالم الفكر.

أرسطوطاليس ، (١٩٥٣) ، فن الشعر ، ترجمه : عبدالرحمن بدوى ، القاهرة ، مكتبه النهظه المصريه .

حمدي ، أيمن ، (٢٠٠٠) ، قاموس المصطلحات الصوفية ، القاهرة ، دار قباء للطباعة و النشر .

السني ، فؤاد اليزيد ، (٢٠٠٩) ، التجربه الشعريه عند ماريه راينر رلكه ، https://www.diwanalarab.com

شبرو ، عبدالكريم ، (٢٠٠٧) ، التجربه الشعريه عند ابى قاسم سعدالله، رسالة ماجستير ، جامعة الحاج لخضر، كلية الاداب و علوم الأنسانية ، الجزائر

ضيف ، د.شوقي ، (١٩٨٧) ، فنون الادب العربي (الرثاء) ، الطبعة الرابعة ، القاهرة ، دار المعارف .

عفيفى ، د.محمد الصادق، (١٩٧٨) ، النقد التطبيقى و الموازنات ، القاهرة ، مكتبة الخانجي.

الغزالي ،؟ ، أبي حامد ، كيمياء السعادة ، www.al-mostafa.com

اللبدى ، ايمن ، (٢٠٠٣) ، فى الشعرية و الشاعرية،الجزء الأول ، www.nashiri.net

المجالى ، د.جهاد ، (١٤٢٤)ه ، التجربه الشعريه بين الصدق الفنى و صدق الواقع ، مجلة جامعة أم القرى لعلوم الشريعة و اللغة العربية و آدابها ، الجلد (١٥) ، العدد (٢٧) ، ٩٢٦-٩٤١ .

مندور ، د.محمد ، (٢٠٠٦) ، الادب و فنونه ، الطبعة الخامسة ، القاهرة ، دار نهظه مصر للطباعه و النشر .

هلال ، د.محمد غنيمى ، (١٩٩٧) ، النقد الادبى الحديث ، القاهرة ، دار نهظه مصر للطباعه و النشر.

وهبه ،مجدي ؛ المهندس ، كامل ، (١٩٨٤) ، معجم المصطلحات العربيه فى اللغة و الادب ، ط٢ ، بيروت ، مكتبة لبنان .

ويكيبيديا ، (٢٠٢٠)، علم النفس (تصوف) ، ar.wikipedia.org

سجادى ، (١٣٨٣) ، د.سيد جعفر، فرهنگ اصطلاحات و تعبيرات عرفاني ، چاپ هفتم ، تهران ، انتشارات طهورى.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021